ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**وەئیشخستنی ئاگرەدیوار.**

نووسەر: @:

لەم وانەیەدا چۆنیەتی چالاک کردن یان وەئیش خستنی ئاگرەدیوار(Firewall)ـی ویندۆز ئیکسپی شی دەکەمەوە.

1: ئەکتیڤ کردنی ئاگرەدیوار:

کرتە بکە سەر Start و پاشان ControlPanel و لە نێویدا خاڵێك بەناوی Network And Internet Connections کرتەیەك بکە سەری،




پاش کرتە کردن پەنجەرەکەت بۆ دەگۆڕێت و لە نێو شێوە نوێکەدا خاڵێك هەیە بەناوی Network Connections کرتەیەك بکە سەری،




ئێستا هەموو ئەو پێوەندیانەی کە کۆمپیوتەرەکەت هەیەتی لەگەڵ ئینتەرنێت دا لەم پەنجەرەیەدا دەیبینی، کرتە بکە سەر ئەو پەیوەندی Connectionـەی کە ئێستا لە ڕێگەیەوە لە سەر ئینتەنێتی، بەڵام کرتەکە دەبێ بەدەستی ڕاستی مشکەکە بێت، پاشان Properties یش کرتە بکە،




پەنجەرەیەکت بۆ کراوەتەوە کە بریتییە لە تایبەتمەندیەکانی پێوەندیەکەت لە گەڵ ئینتەرنێت ، بۆ ئەو ئیشەی خوامان دەبێت کرتە بکەینە سەر Advanced و ئیشارەی ڕاست دابنێین لە تەنیشت ئەکتیڤ کردنی ئاگرەدیوارەکەدا 1، پاشان لەخواروی پەنجەرەکەوە کرتە دەکەینە سەر 2 ، Settings،(سەیری وێنەی خوارەوە بکە).




چالاک کردنی ئاگرەدیواری ویندۆز کۆتایی پێهات و هیوادارم سوودی هەبووبێت.

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبليغات در اين سايت